

## ماموستا جەمال محەمەد:

# من ئەو ماف نینە کو ئەز دەربرینێ ژ ئاستێ



**تیپا دهوك ل سالا ١٩٧٩ هاتیە دامەزراندن وەك (كورال) ل دەسپێكێ هونەرمەند (دلشـــاد محمد سعید) سەروكێ تیپێ بوو و ل ســـالا ١٩٨١ تیپێ ستایل گوهارت لژێر ناڤێ (تیپا دهوك یا موزیكێ)، پاشی ل سالا ١٩٨٤ سەروكێ تیپێ بو خواندنا**

**ســـەروكێ نها یێ تیپا دهوك (جەمال محەمەد ئەدیب) یێ بەرنیـــاس ب (جەمال ئامێدی) بۆ گولان گوت :**

ل ســـالا 1979 ئەز چومە دگەل تیپا دهوك یا (كورالی ) وەك لێـــدەیێ ئامیرێ عودێ و صول گیتارێ بۆ ماوێ (6) شـــەش مەها ئەز مام دگەل تیپێ پشـــتی هینگێ من دەست ژ تیپێ بەردا ژبەر خواندنێ .

ل ســـالا 1981/1982 تیپـــا دهـــوك هاتە ســـەر بئێكەتیا ئافرەتا لبن ناڤێ (تیپا دهوك یا موزیكێ ) و لســـەر داخوازا هونەرمەند (دلشاد محمد ســـعید) ئەز چوومە دناڤ تیپێ دا لێ كاك دلشـــاد حەز دكر كو ئەز ئامیرێ كەمانێ بژەنم هـــەر چەندە مـــن چ ژ ئامیری كەمانێ نەدزانی .

*** تو چاوا بویە ســـەروكێ تیپا دهوك پشـــتی هونەرمەند (دلشاد محەمەد سەعید) ؟**

- پشـــتی چوونا ماموستا دلشـــاد بۆ دەرڤەی وەڵاتـــی ل ســـالا 1984 ماموســـتا (جەمیل ئیبراهیم عیســـا ) سەروكێ تیپێ بوو، ل مەها 7 سالا 1984 كاك (وەلید خالد) هاتە هەلبژارتن وەك راهێنەرێ تیپێ لێ پشتی هینگێ بدەمەكێ كێم ئەز هاتمـــە هەلبژارتن وەك راهێنەر بفەرمی ژبـــۆ سەرپەرشـــتیا و راهێنەراتیـــا چالاكیێـــن تیپـــێ، ئەوبـــوو ل 9/1/1985 بهەلكەفتـــا روژا هونەری مەســـترین كونســـێرت من برێڤەبر ل هولا (المســـرح الوگنی ) ل بەغدا بشـــێوەكێ ســـەركەفتیانە كونســـێرت برێڤەچوو و پشـــتی هینگـــێ چەندین كارێن دی تر وچالاكیێن جودا جودا من ئەنجامدان دگەل تیپێ هەژی گوتنێ یە دویماهیك بەرهەمێ هونەرمەدنێ خودێ ژێ رازی ماموستا(تەحســـین تەها ) مە ئەنجامدایە وەك تیپا دهوك بسەرپەرشتیا من ل سالا 1988 – 1989 .

*** بوچی تیپا دهوك هاتیە راوەستاندن ؟**

- پشـــتی ســـالا 1988 و پشـــتی بەرهەمێ هونەرمەند تەحســـین تەها مـــە بدوماهیك ئینای تیـــپ بۆ ماوەكێ كێم هاتـــە راگرتن ژبەر چەند ئەگـــەرا و ئەم نەچـــار بوین مـــە ئامیرێن تیپی رەوانـــەی رێڤەبەریا رەوشـــەنبیری كرن كو ل وی ســـەردەمی ماموستا (خالد حســـێن) رێڤەبەرێ رەوشـــەنبیری بوو ل پارێزگەها دهوكێ وپشـــتی خەمخوریا ماموستا (جمیل ئیبراهیم عیسا ) ژبۆ دابین كرنا بارەگایەكی بۆ تیپێ و شیا بدەستخوڤە بینیت ئەوژی ژ ئاڤاهییێن زێدە یێن میری بۆ سالا 1989/1990 ل وی بـــارەگای هونەرمەنـــد (عبدالله زێرین) ســـتودیویەك بۆ مە چێكر و مە ئامیرێن خو جارەكا دوی ڤەگوهاســـتنە بارەگای تیپا دهـــوك یا موزیكێ و نوكـــە ئەڤ بارەگایە نەمایە دناڤ دەستێن تیپا دهوك یا موزیكێ دا .

***چەند كچ دگەل هەوەنە ؟**

- ل دەسپێكا 2005ێ هەشت تا دەه كچان دگەل مەدا بوون و ئەڤان كچان بسوپاسیڤە چەندین كار وچالاكی دگەل مەدا ئەنجامداین هەر ژ كونسێرتا ئێكێ یـــا رێزگرتنێ بۆ هونەرمەند (گول بهار) ێ مە دەســـت پێكری وچەندین كلیپێن دیتر لێ ئەڤروكە (5) پێنج ئافرەت یێن ماینە دگەل مەدا ئەگەرێ كێم بوونێ دزڤریتـــە ڤە بۆ پێك ئینانا خێزانێ و كومەڵگەی .

*** تو ب ئاستێ تیپا دهوك رازی ؟**

- من ئەو ماف نینە كو ئەز دەربرینێ ژ ئاســـتێ تیپێ بكەم، وی ئاستی دێ هێلین بۆ وی خەلكی یێ ئەڤە چەندین ســـالە گوهداریا چالاكیێن تیپا دهـــوك دكەن وەك دیتن وگـــوە لێ بوون، كو ڤان سالێن چووین چەندین كار مە ئەنجامداینە مینا ڤیســـتەڤالا گولبهارێ و تومارکرنا سترانا (دلو دلو) بۆ هونەرمەندا هێژا (ئالان عمر) وچەندین چالاكیێن دیتر وپارچە موزیك وسترانا (شەهید) بۆ هونەرمەندێ باكور (برادەر) ولڤێ دویماهیكێ ســـترانا (حەمكێ توڤی ) تیپـــێ كلیپكریە بۆ كورەسێ تیپێ و هونەرمەند (نیان عبد الله) كو ئەڤـــان چالاكیێن مە وەك مافەكێ كێم ئەز دەمە خۆ تا رادەكێ زور باش جەماوەر بخوڤە گرێدایە وچەندین دەستخوشی لمە هاتینە كرن .

*** پەیوەندییێـــن هەوە دگەل هونەرمەند (دلشـــاد محەمـــەد ســـعید)ی دچاوانن پشـــتی چوویە دەرڤەی وەڵاتی ؟**

- من پەیوەندی هەنە دگەل ماموســـتا (دلشاد)

سەبری نهێلی





# تیپا دهوکێ بکەم

**بـــالا دچیتە دەرڤەی وەلاتی ژبۆ باوەرنامێ، تیپا دهـــوك بەردەوامی ب کارێ خو دا بئەنجامدانا چەندین ڤیستەڤالا وتومارکرنا سترانا، تیپا دهوك رویەکێ گەشێ باژێرێ دهوکێ دهێتە نیاسین.**

و بەروڤاژی برێیا تەلەفونێ، پەیوەندیێن مە زور دباشن وهەر دەمەکێ هاتیە کوردستانێ سەرەدانا بارەگایێ تیپێ کریە وچەندین دانوســـتاندن مە دگەل ئێك هەبوینە سەبارەت کار وچالاکیێن تیپێ هەر دیســـان پەیوەندییێن مە دگەل هونەرمەندێن کـــورد ل کوردســـتانێ ودەرڤـــەی کورســـتانێ دئاستەکێ باش دانە .

*** هەوە چ بەربەست هەنە ؟**

- داخـــوازێ دکەیـــن کو هەر تیپـــەك بگورەی ماندیبوونـــا خـــو وپێشکێشـــکرنا چالاکیێن خو ئاســـتێ وان یێ داراییێ باشـــتر لێ بهێت وەك هەلسەنگاندنەك .

*** بەهـــرا پێتر تیپێن دهوکێ وهونەرمەند گازندا ژ کێم پشتەڤانیا مادی دکەن، ئەرێ راستە وەکی هندەك دبێژن دهوك باژێرێ ژنبابێ یە ؟**

- ئەز نوزانم کا باژێرێ ژنبابێ یە یان نە، یا ئەز دزانم هەر گروپەکا هونەری یان تیپەکا موزیکی بەخشـــینەکا مانگانە یا هەی ژلایێ رێڤەبەریا گشتی یا رەوشەنبیری ڤە دیسان داخوازێ دکەم کو هەر تیپـــەك بگورەی چالاکییـــن خۆ بهێنە هەلسەنگاندن. دیسان داخوازێ دکەم هونەرمەند وتیپێن کوردستانێ ب یەکسانی بهێنە سەرەدەری کرن ژبۆ پشـــکداریا وان دکونســـێرتێن دەرڤەی وەڵاتی دا .

*** کێ هاریکاریا تیپێ کریە ؟**

- رێز وسوپاســـیێن مە بۆ وان کەســـان و جهان یێـــن هاریکارییا تیپا مەکری هەر ژ دەســـتپێکێ تا نوکە . وەکـــی (بەرێز نێچیرڤان بارزانی ) هاندەر وهاوکارێ تیپا دهوك بویە ل دەستپێکێ ودیسان دیوانا سەروکایەتیا هەرێما کوردســـتانێ وبەرێز مام جەلال سەروك کومارێ عیراقێ برێیا نڤیســـینگەها وی یا تایبەت و بەرێز تەمەر رەمەزان پارێزگارێ دهوکێ کو ل گەلەك کونسێرتا ئەگەر پشتەڤانیا وی یا تایبەت نەبا ئەم نەدشـــیاین ئەنجام بدەین، هەروەسا رێڤەبەریا گشـــتی یا رەوشەنبیری وهونەری ل پارێزگەها دهوکێ ). دوبارە سوپاســـی بۆ ڤان بەرێزان و هەرکەسەکێ هاوکاریا مە کری .

*** تو چ دبێژی بۆ بەرەبایێن نوی یێن هونەرمەند بتایبەتی شێوازێ روژئاڤای وەکی (پوپ، جاز ...هتد)؟**

- بەداخـــەوە مە رێبازا خومالی یـــا دەولەمەند یا هەی و دبنە چاڤلێکەرێن خەلکی، ئەڤە مەترســـی یە لســـەر ناسناما نەتەوەیێ کوردی .

دیســـان ژ لایەکێ دی ڤە ئەز هیڤیدارم سترانبێژ ئەگەر رولـــێ کچێ پێتڤی نەبیت بو مەتـــال ودیکور نەکەنە د کلیپێن خودا، چونکی بینەر دێ تەماشـــەی کچێ کەن ودێ وان ژبیرکەن . ودیسان داخوازێ ژ کەنالێن مەیێن کـــوردی دکەم کو پتر پویتەی بدەنـــە هونەر وکلتورێ کوردی بهەمی جورانڤە ئەگەر دئاستدا بیت .

*** تە چ پەیڤ بۆ دوماهیا هەڤپەیڤینێ هەیە ؟**

- ئـــەز هیڤیدارم دەرگەهـــێ جیهانا دەرڤە بو مەژی بهێتـــە ڤەکرن وپێتر پشـــتەڤانیا مـــە وهونەرمەندان بگشـــتی بهێتە کرن ژ بۆ خزمەتا هونەرێ کوردی وچەندین پشێین شیوازێ کلتورێ خۆ بپارێزین .

# هونەرمەندی گەورە سەفوەت جەراح بە هێمنی



خەلیل بابە كەریم

پێش ماوەیەك بەرەو دەرەوەی هەرێم بەرێكەوتم بۆ ئەوەی چەند نۆرینەك لەلای پزیشكە پسپۆڕەكان ئەنجام بدەم بەتایبەتی لە بارەی دڵ و دەمارەكان، هێشتا هەر لە رێگە بووم بە خێزانەكەم وت ئەگەر لەو سەر بەسەلامەتی گەڕاینەوە دەبێ سەرێك لە هونەرمەند كاك سەفوەت جەراح بدەین، چونكە ماوەیەكە ئاگام لێبڕاوە، نازانم تەندروستی چۆنە، بەڵام بەداخ و پەژارەكی زۆرەوە كە ئێوارەی 20/7/2010 گەڕامەوە هەولێر یەكسەر بەسەر ئەو خەبەرە ناخۆشەدا كەوتم، قەدەری شاری هەولێری دێرین دەبێ ناوە ناوە كەڵە هونەرمەندێك لە دەست بدات، كاك سەفوەتیش بۆ یەكجارەكی ماڵئاوایی لێكردین و چووە ریزی هونەرمەندە نەمرەكان وەك تاهیر توفیق و رەسول بێزار گەردی، حەیدەر كەچەڵ و مشكۆ و قادر زیرەك فوئاد ئەحمەد ئەردەلان بەكر و سەمیرە عەبدۆك. سەفوەت جەراح لە خێزانێكی دیار و بەناوبانگ لە شاری كۆیە چاوی هەڵێنا و پاشان هەر زوو هاتنە هەولێر، ئەحمەد تەبیب باوكی فوئاد ئەحمەد كە دەكاتە مامی سەفوەت لەگەڵ باوكی عەلی جەراح ئەوانە هەردووكیان پزیشكی میللی بوون چارەسەری زۆر نەخۆشیان دەكرد بەتایبەتی نەخۆشییەكانی پێست وەك كولك و قونێر و سووتان.. تاد. كاك سەفوەت لەم خانەوادەیە بە چاكی پەروەردەكرا و هەر لە منداڵی و هەرزەكارییەوە لەگەڵ چەند هاورێیەكی هاوتای تەمەنی خۆی و نزیكی وەك یوسف شەریف و ئەحمەد سابیر باڵا بەرز خولیای هونەریان هەبوو، زۆر سۆزداری گۆرانییەكانی محەمەد عەبدولوەهاب و فەریدولئەترەش و ئوم كەلسووم بوون، كاك سەفوەت لە پاش تەواوكردنی سێی ناوەندی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی بەغدا بەشی شانۆ وەرگیرا، پاش تەواوكردنی پەیمانگە لەساڵی 1957 هەر لە بەغدا دامەزرا، لە پایتەخت رۆڵێكی باڵای هەبوو بەتایبەتی لە دەرهێنان و نواندندا، لە چەندین فیلمی سینەمایی و كاری شانۆیی بەشداری كرد، لە ناو هەموو هونەرمەندەكانی بەغدا دیار بوو، پێ بەپێی دەچووە پێش لە ناو نەهەنگ و عیملاقەكان توانی پێگەیێك بۆ خۆی دروست بكات، تا وای لێهات كردیانە بەرێوەبەری تیپی نواندنی نەتەوەیی (الفرقة القومیة للتمثیل) كە یەكێكە لە بەناوبانگترین و گرنگترین تیپی شانۆیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڕاستی ئەمە جێگەی فەخرو شانازییە گەنجێكی كورد بتوانێ ئەم پلە و پایەیە وەدەست بێنێ، لەسەردەمی ئەو زۆر شانۆی بەپێز و شاكار ئەنجام درا، لەبەر ئەوەی لە كۆتایی پەنجاكان و شەستەكان كە ئەو پەیمانگەی تەواوكرد، هیچ تیپێكی ئەوتوو لە هەولێر نەبوو بەتایبەتی تیپی شانۆیی، تا رێكەوتننامەی 11ی ئادار كە ئەوكات زەمینە خۆش بوو بۆ كاری هونەری، لەبەر ئەوە كاك سەفوەت لە بەغدا مایەوە، بەڵام پاش ساڵی 1980 كە بەفەرمی تیپی نواندنی هەولێر كە سەر بە تیپی نەتەوەیی بەغدا بوو دامەزرا، كاك سەفوەت گەڕایەوە شاری هەولێر بووە بەرێوەبەری ئەم تیپە، كە توانی بە چاكی بەرێوەی ببا و كاری بەپێز ئەنجام بدرێ، كە ئەوكات جگە لە تیپی شانۆیی، تیپی هونەرە میللییەكانیش هەر سەر بەم بەرێوەبەرایەتییە بوو، كە زۆر تابلۆی جوان ئەنجام درا، تیپی هونەرە میللییەكان نەك بەشێوەیەكی جوان و سەركەوتووانە لە كوردستان بەرهەمەكانیان نمایش دەكرد، بەڵكو چەندین جار چوونە دەرەوە، بۆ ئەوروپای رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بەڵێ لە



هەشتاییەكان لەسەردەمی كاك سەفوەت گەلێك شاكاری شانۆیی و دراما ئەنجام درا خۆیشی چەندین كاری شانۆیی دەرهێنا لەوانە كە من لەگەڵی بەشداریم كرد شانۆیی (رەواچی بوو) هەروەها لەگەڵی لە زنجیرە درامای خاتوو كلاو زەر بەشداریم كرد لە شانۆ رۆڵی باوكی میر و كە بووە دراما رۆڵی وەسا پیرۆزم بینی، لە پاش راپەرین، هەوڵی زۆری دا جارێكیدی كیانێكی هونەری دروست بكات، وەبوو بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و سینەمایی لە نوێوە دامەزراند، بەڵام پاشتر سینەما جیابۆوە و بوو بە بەرێوەبەرایەتییەكی سەربەخۆ، كاك سەفوەت هونەرمەندێكی زۆر جددی و رەق بوو فەوتا و قەت و هەرگیز سازشی لە سەر بابەتەكانی هونەری نەدەكرد، ئەوەی شارەزایی نەبوایە دەیگوت ئەم پیاوە بۆ وا تووڕە توندە، بەڵام لە ناخیدا مرۆڤێكی دڵساف و چاك بوو، زۆر لە هونەرمەندان، لە كاتی خۆی سوودیان لێی وەرگرتووە و بە مامۆستا و باوكی خۆیانی دادەنێن هەر لە پاش راپەرین من ئەوكات لەبەر ئەوەی خانەنشین بووم بۆ بژێوی ژیانم دەبوایە كارێك بكەم، لە زاخۆ لە نووسینگەی بازرگانی ناسیاوێكم كارم دەكرد و پاش گەڕانەوەم بۆ هەولێر ساڵی 1995، رۆژێكیان بەرێكككەوت لە یانەی ئەندازیاران چاومان پێك كەوت، یەكسەر پاش هەواڵ پرسین وتی بۆ نایێی لە بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ گرێبەستەكت بۆ بكەم وەك یارمەتییەك بۆت، چونكە گرێبەستم بۆ هەندێك ئەنجام داوە لە ئاستی هونەری تۆدانین، ئیدی منیش سوپاسم كرد بۆ ئەم هەڵوێستەی، زۆر هونەرمەندان و شانۆكارانی هاندەدا بۆ خۆم چەندین جار گوێم لێی بوو دەیگوت ئێوە هونەرمەندی گەورەن، كەس شوێنی ئێوە ناگرێتەوە، پێویستە كار بكەن، كاری جوان بكەن، كاك سەفوەت بە هەموو راستگۆییەك جیدیەتەك كاری كرد تا ساڵی 1999 كە ئەوكات خانەنشین كرا، كەوتە ماڵ، ئەوەندەی نەبرد دووچاری چەند نەخۆشییەكی كوشندە بوو جگە لە نەخۆشییەكانی دڵ و شەكر و باڵەپەستۆی خوێن دووچاری نەخۆشیی بڕبڕەكانی پشت بوو كە زۆر بە ئاستەم جوولەی دەكرد لەو دە ساڵەی نەخۆشیدا كە لە ماڵەوە كەوتبوو جگە لە هونەرمەندە نزیكەكانی كە هەمیشە سەریان لێنەدەبری بڕواناكەم بەرپرسێك بە ماڵی دا گرتبێ، دەبوایە لەم چەند ساڵەی كە لە ناو جێگە كەوتبوو بناردرایە دەرەوە بۆ پێشكەوتووترین نەخۆشخانەكانی ئەوروپا،بەداخەوە ئەوەی من بیزانم تەنیا جارێك لە رێگە خزمێكی بەرپرسی ناردرایەوە كۆماری ئیسلامی ئێران ئەویش سوودێكی وای نەبینی بوو لەم سەفەرەی، كاك سەفوەت پاش ئەو خزمەتە زۆرەی لە دڵان خۆش دەهات ئەگەر لایەنە پێوەندارەكان بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری رۆژێك لە رۆژان رێزیان لێنایە، بە ئامادەبوونی هونەرمەندان بەشێوەیەكی ئاهەنگ سازی میدالیایەكیان لە گەردنی بكردایە، ئەگەرچی ئەو میدالیایە زێڕیش نەبوایە، تاكو هونەرمەند هەست بكات ئەو هەوڵ و تێكۆشانەی كە لە پێناو هونەر كێشایە لێی بە فیڕۆ نەچووە و لەبەرچاوانە، سەد رەحمەت لە گۆڕی مشكۆ كە دەڵێ: (لە پاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن، هەتا ماوم نەفس بفەرمە چۆن نەبێ ماڵم چۆن نەبێ حاڵم سەد جار بناڵم). بەڵێ لە دنیا لەبۆم نەبووی لە قیامەتێ چیم بۆ دەكەی؟! ماوەی دە ساڵان لە ماڵەوە كەوت رۆژێك بەرپرسێك سەری لێنەدا كەچی

# سەری نایەوە

کە کۆچی دوایی کرد چەندین لافیتەی پرسەی بۆ هەڵواسرا، ئەگەر پارەی ئەو لافیتانەی بۆ بەداوو دەرمان بدربایە هەر چەندە ئەجەل لە دەست خودایە، بەڵام رەنگە یەك دووساڵیدی بمابایە، هەژار موکریانی لە چێشتی مجێور دا دەڵێ رۆژێکیان لە دوکانێك چەقەڵێکی مۆمیاکراوم بینی لە ژێرەکەی نرخەکەی نووسرابوو(25) دینار ئەوە لە ساڵی شەستەکان. وتی: لە دڵی خۆمدا وتم ئای تۆش وەك نووسەران و رۆشەنبیران نەگبەتی کە زیندوو بووی نرخەکەت هەر دوو سێ دینار بوو کەچی ئێستا ئەو پارە زۆر دەکەی، لە شوێنێکی دی دەڵێ: شاعیری گەورەی کورد بێکەس هەتا لە ژیان بوو تێر نانی نەخوارد هەموو شەوێك لەگەڵ ژنەکەی دەبووە شەڕ و تەنیا یەك لێفەیان هەبوو هەر لەسەر قەرز و قۆڵە دەژیا، کەچی کە وەفاتی کرد بەبۆنەی پرسەکەی، نووسەران سێ هەزار دیناریان لە میری وەرگرت شەوانە مێزیان لە یانەکان پێ دەڕازاندەوە، وەك دەڵێن:( کفنە کە بۆمن بێ مردییەکە گۆڕ بەگۆڕ چی )
ئەوەیە بەدبەختی نووسەران و هونەرمەندان، زیندوو کوژی مردی پەرستین، پاش مردنی هەر ناودارێك ئینجا بە شان و باڵی هەڵدەدرێ، خۆزگە ئەو چاوی دیار دەبوو بە زیندوویی نیوەی پاش مردنی بۆ بکرێ، تاکو گیانی ساکین و ئارام دەبوو و هەست بکات کەسانێك هەن کار و کردەوەی ئەویان لەبەرچاوە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە هەموو کارێك بە میزاج و بەرێکەوت و ئیرتیجالیەت بەبێ پلان ئەنجام دەدرێ، دەبوایە لیژنەیێکی پسپۆری لێزان و خاوەن دەسەڵات لە وەزارەتی رۆشنبیری هەبێ و ئاگادار و بەدواداچوونیان هەبێت بۆ هەموو هونەرمەندان و رۆشنبیران، کە چۆن و کەی رێز لە خەلکانی موستەحەق بنێن، هەزاران، سڵاو لە گیانی پاکی هونەرمەندە دیارەکەی شاری قەڵاو منارە کاکە سەفوەت جەراح کە بە هێمن و بەبێ نازی سەری نایەوەو سەفەرێکی ئەبەدی کرد، لە یەزدانی پاك و دلۆڤان دەپاڕێمەوە سەبر و ئارامی ببەخشێتە خانەوادەکەی و دۆست و هەڤاڵانی، هەزاران دەسکە گوڵی رەنگاوڕەنگی بە هاری کوردستان لەسەر گۆڕی هەموو هونەرمەندانی کۆچکردوو لەسەرتاسەری کوردستان بەتایبەتی شەهیدە سەربەرزەکان و ئەوانەی بە مەخسوودو مرادی خۆیان نەگەیشتن.

## Top ٥ Movie actor

## باشترین ئەکتەری هەڵبژێردراوی جەماوەر لە مانگی تەمموز



1- کریستۆفەر نۆلان



2- ئەنجێلینا جۆلی



3- م. شیامالان



4- لیوناردۆ دی کاپریۆ



5- ئەماندا پیت

# تۆم کروز: هاوسەرەکەم غیرەم لێناکات



ئەستێرەی بەناوبانگی هۆلیۆد تۆم کروز ڕای گەیاند پەیوەندی هاوڕێیەتی زۆر بەهێزە لەگەڵ ئەستێرەی ئەمریکی کامیرۆن دیاز، ئەو پەیوەندیەش نابێتە هۆی ئەوەی هاوسەرەکەی کاتی هۆڵمز غیرەی لێبکات. هەفتەی ڕابردوو تۆم کروز و کامیرۆن دیاز بەشداری یەکەمین نمایشی فیلمە نوێیەکەیان کرد لەشاری میونخی ئەڵمانیا ئەمەش دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر یەکەمین فیلمی هاوبەشی نێوانیان. لەلای خۆشیەوە کامیرۆن دیاز خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بە فیلمە نوێیەکەی و وتی من و تۆم کروز زۆر باش یەکتر دەناسین و تێگەیشتنی زۆر لەنێوانمان دا هەیە.



# یاسەمین عەبدولعەزیز: قسەم بە عەمرو خالید نەوتووە

یاسەمین عەبدولعەزیز ڕەتیکردەوە کە هێرشی کردبێتە سەر بانگخواز عەمرو خالید ئەمەش دوای ئەوە هات کە داوا کرابوو هەندێك دیمەنی فیلمەکەی ڕەش بکرێنەوە. یاسەمین ڕایگەیاند کە زۆر ڕێز لە عەمرو خالید دەگرێت و دەستخۆشی لێکرد بەرامبەر هەوڵەکانی. ئەوەشی وت کە هەندێ سەرچاوەی ڕاگەیاندن ئاواتیان نانەوەی دووبەرەکیە و چاوەڕوانی بچووکترین هەڵە دەکەن لەپێناو بەدەستهێنانی ناوبانگ و سەرنجڕاکێشان بەبێ ئەوەی بیر لە دەرەنجامەکانی بکەنەوە. یاسەمین پێی سەیر بوو ئەو قسەیەی بەناو کراوە بەبێ ئەوەی هێشتا فیلمەکە نمایش کرابێت و ئێستا بەنیازە داوای یاسایی لەسەر ئەوانە تۆمار بکات کە ئەو تۆمەتەیان بۆ درووستکردووە تاکو جارێکی دیکە دووبارەی نەکەنەوە.

# ئەساڵە بەرەو جیهانی نواندن



ئەساڵە ئێستا سەرقاڵی وێنەگرتنی نوێترین گۆرانی خۆیەتی لەدەرهێنانی هاوسەرەکەی (تاریق ئەلعریان) دوای ئەمەش بەنیازە ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاو بکاتەوە بەشێوەیەك تێکەڵ بێت لەستایلی میسرِی و لوبنانی. لەلایەکی دیکەوە ئەساڵە بڕیاری داوە ڕووبکاتە جیهانی نواندن و بەم زووانە بەشداری لە فیلمێك دەکات بکە چیرۆکی فیلمەکە زۆر لەژیانی تایبەتی خۆیەوە نزیکە.



# دوو ملیۆن دۆلار بۆ ئاهەنگی چێلسی کچی کلینتۆن و هیلاری

ڕۆژی 28/8 چێلسیی کچی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دەچێتە قەفەسی زێڕینەوە، خەرجیەکانی ئەو ئاهەنگە دوو ملیۆن دۆلارە، 200هەزار دۆلار بۆ هۆڵی ئاهەنگەکە، 250هەزار دۆلار بۆ گوڵ و کەلوپەلی ڕازاندنەوە، 750 هەزار دۆلار بۆ خواردنی ئێوارە، 800 هەزار دۆلاری دیکەش بۆ پێداویستی دیکە. وا بڕیارە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێیانی کلینتۆن و هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوە و هاوڕێیانی چێلسی ئامادە بن و خۆ ئامادەکردنێکی زۆرباش کراوە. جێگای باسە بری پارەی تێچوو لە ئاهەنگی کچی جۆرج بۆش تەنها 100 هەزار دۆلار بوو.



www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

## هونەرمەند زانای محمود هەژار بۆ گوڵان

# هونەر گێڕانەوەی ساتە جوان و پاكەكانی ئینسانە

هونەرمەند زانای ئەحمەد هەژار مزیك ژەنێكی بەتوانایی هونەری موسیقای كوردییە توانیویەتی جدییانە لە بوارەكەدا خزمەتی خۆی بگەیەنێت و چەندین شاكاری جوانی مۆسیقای هونەری كوردی پێشكەش كردووە و گۆرانی تەمەنی هونەرمەند كەریم كابانیش شایەتحال ی ئەو راستییەن و وێنایەكی راستەقینەی هونەرمەند زانا یە لە دیدارێكی گۆڤاری گوڵان بەرێزیان بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن .

دیمانە/ سۆران مارف كەریم



*** چۆن پێناسەی خۆت دەکەیت؟**

- بێگومان خوێنەر ئاستەکانیان جیاوازە، خوێنەری وریاو بیرمەند ئەو خوێنەرەیە کەلە باککگراوندی وشەو مانشێت و پەیامەکان دەگات و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی هەڵیان دەسەنگێنێ.

*** هەندێك باسی قەیرانی هونەری کوردی دەکەن، تۆ قەیرانی گۆرانی موزیکی کوردیدا لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- میللەتی نەتەوەیی ئەو میللەتەن کە دەست بەهونەرەکەی خۆیانەوە دەگرن تاکو با نەیبات. هیوادارم قسەکانم لە ئاستی جوگرافیای هەرێمەکەی خۆماندا بیێکم. هونەری کوردی تۆپێکە لە مەیدانی پان و بەرینی عەولەمەدا دەخولێتەوە. خەڵکانێك بەکرێگیراوانە لە ناوەندی ماشێتی راگەیاندنی کوردیدا، لەسەر بودجەی ئەم وڵاتە دا نیشتوون لەبەر سپلێتدا زۆر نەزانانە و تێکدەرانە شەقشەقێن بە مێژوو و ئێستای هونەری نەتەوەییمانەوە دەکەن. میزاج گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە رێ بە خەڵکانێك دراوە تصدیری تێکستوو میلۆدی و کلیپی عەرەبی لە جۆرە ئاست نزمەکان بکەن بۆ کوردستان، ئەمە ژەهر و تریاکە بە هونەر و تازەگەری پێمان دەفرۆشنەوە، یان کەسانێك دەستیان داوەتە ئەوەی وردە وردە میلۆدی کوردی دەتورکێنن. لەم بێ سەروبەرەیی و هەرەمەکی و بێ سیستمیەدا ئەو هونەرە ئاست نزمانە هەڵەتۆقێنن. دەڵێم هونەر گێرانەوەی ساتە جوان و پاکەکانی ئینسانە. بۆیە زۆر جار مۆرانە داوێتی لە مێژووی میللەتان. ئێستاش ئەم مۆرانەیە لەم میللەتەی داوە. کەواتە قەیرانی گۆرانیی و مۆسیقای کوردی مۆرانەکانن کە تێکیان داوین.

*** ئایا خۆبەستنەوە بە فۆلکلۆرەوە بەسە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەرەو پێش بەرین؟**

- کە وتت هونەری کوردی، دەبێت مۆرك و رەنگی کوردی بەکارەکەوە دیار بێت. گەر کارەکە بە شێوازی جیهانیش کاری تیا کرابێت. کەواتە بەهونەرێك دەوترێت کوردی کە رەگەکانی لە خاکی نیشتمانەوە لە ئاوی فۆلکلۆریان خواردبێتەوە.

*** فۆرمێکی نوێ و ستایلێکی تا رادەیەك کاریگەری گۆرانی عەرەبی لە بواری هونەرری کوردیدا گەشەی کردووە، ئێوە لەو رووەوە چ قسەیەکتان هەیە؟**

- لە دنیادا ئاساییە بەهۆی کاریگەری جوگرافیی و دینیی و پێکەوە ژیانی مێژوویی نەتەوەکان حەزت بۆ دەرەوەی خۆت هەبێت. یان بەهۆی هۆکارەکانی سەرەوە هونەری نەتەوە دراوسێکان پڕیشکی یەکتریان بەر کەوتبێت، بەڵام بەڕای من ئەوانەی بە چاویلکەی عەرەبی و تورکی فارسییەوە دەڕواننە هونەری کوردی، ئەوانە یان نەزانن یان خاك فرۆش یان میللەت فرۆشن.

*** کێ سەرەتا هاندەرتان بوو تاوەکو بەڕێزتان لە خزمەتی هونەری موزیك رۆڵی خۆتان ببینن؟**

- هونەرمەندێك دوور لە خۆدەرخستن بە تواناو لێبوردەیی خۆی بە شێوازێکی کورد پەروەرانە هەموو ژیانی خۆی بەخشی بە ئێمە، ئەم زاتە هەر فێری مۆسیقای نەکردین، بەڵکو بەو سەردەمە سەختەی بەعسدا ئێمەی بەپاکیی بەڕێ کرد. ئەویش هونەرمەند عوسمان محەمەدئەمین بوو.

***سەرەتا بەکام موزیکژەن سەرسام بوون؟**

- بەهونەرمەندی گەورە ئەنوەر قەرەداغی.

*** پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو کاتە چ گرنگییەکی هەبوو، ئەو کاتە لە پێناو بەرەو پێشبردنی رەوشی هونەر و پێگەیاندنی هونەرمەندی موزیك ژەن؟**

- لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تاکە قوتابخانەی هونەری بووە لە سلێمانیدا، دوای چالاکیی قوتابخانەکان. هەر لەوێشەوە دەیان هونەرمەندی زۆر باش پێگەیشتن. نموونەیان عەبدوڵڵا جەمال و بەخە سەرسپی و فەرهاد محەممەد ساڵح و نەبەز حەمە رەشید و تاد...

*** هەنگاوە جددییەکانی موزیکی کوردی بۆ بوون بە موزیکی جیهانی لە چ ئاستێکدایە؟**

- لەسەر ئاستی نەتەوەیی تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی کامگارەکان دوو شێوازی جیاوازی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانن. لە ئاستی بە جیهانی بوونیشدا هەنگاوی باش نراوە، بەڵام بێ دەوڵەتی کورد ئەو توانایانەی کورد بچووکتر لە خۆی پیشان داوە.

*** تێکەڵاوییەك بە موزیکی کوردییەوە دەبینرێت، ئەنجامە خراپەکانی ئەم تیکەولابوونە لای تۆ چییە؟**

- بەشێکی کاریگەری بە جیهانی بوونە. ئەویش بەشێکی زۆر لە هەست پاشەکشە دەکات. واتە مەسەلە رۆحییەکانی کە بنەمان بۆ هونەر. هۆکاری دووەم فەوزای سیاسی ناو وڵاتی خۆمانە، هونەریش کەوتۆتە بەینی ئەو بەرداشەوە. لە وڵاتێکدا بەڕێوەبردن کارگوزارێکەوە بۆ سەرەوە بە ئینتیمای حزبی بڕوا بەرێوە لە وڵاتێکدا سسیستەمێك نەبێت بۆ بەڕێوەبردنی هونەر سەر بە دەسەڵاتێك نەبیت تیا چوویت.... بیگومان هونەر وای لێ بەسەر دێت.

*** دەڵێن موزیکی عەرەبی و تورکی خەریکە جێ بە موزیکی رەسەنی کوردی لە مۆسیقای کوردیدا لێژ دەکات، ئەمە تا چەند وایە؟**

- گەر هەوڵ بدەیت زۆر بیر بکەیتەوە.. گوێ بگریت...بخوێنیتەوە کەمتر تێدەکەوی.

*** پێتوایە ئێمە تا چ ئاستێك خاوەنی بنەمای موسیقای کوردین؟**

- کورد خاوەنی ریتم و میلۆدی لەبن نەهاتووە، بە شێوە جوان و زانستییەکەی کاری کەمی لەسەر کراوە. بێگومانم گەر هونەرمەندی کورد لەو دیدگایەوە بڕواننە داهاتوو دەتوانن هونەری کوردی لە ئاستی ناوچەکەدا بەرنە پێشەوە..



# زۆربەی ئەو گەنجانەی تازە شیعر دەنووسن ئەوەندەی بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆکی شیعرەکانیان نادەن

***ئەحمەد محەمەد ئەو شاعیرەی توانیوویەتی خزمەتێکی زۆر بەدنیای شیعر و ئەدەبی کوردی بکات، خاوەنی زۆرترین شیعری گۆرانییەو و هەر بۆیەش زۆرترین شیعری لەلایەن هونەرمەندان کراوەتە گۆرانی، ئەو تەواو لەناو دنیای شیعردا قاڵبۆتەوە، ئەوەی ئەم لە شاعیرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەحمەد محەمەد بە شاعیرێکی لیرکی ناسراوە، ناوبراو لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن.***

***دیمانە : سۆران مارف کەریم***

**لە سالی 1967 لەگەڕەکی کانیسکانی شاری سلێمانی هاتوومەتە دنیاوە، بەلام بیرەوەرییەکانی منداڵیم لەگەڕەکی تووی مەلیك بووە. ئەو سەردەمە منداڵی و گەنجێتیەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین، زیاتر ئەدەبی بوو تا زانستی، سیستەمی خوێندن و پەروەردەیی لەسەر بنەمای ئەدەبی بوو، لەم ساڵانەی دواییدا زانست گەشەی کرد و زیاتر زانست هاتە ناو کایەکانی ژیانەوە، ئەو زەمەنەی ئێمەی پێیدا تێپەڕ دەبووین ئەدەب دەورێکی باڵای هەبوو، منیش لە خیزانێکی مامناوەند هاتوومەتە دنیاوە، ئەو زەمەنەی بە منداڵیی دەچوومە دوکانەکەی باوکم، زۆر گوێبیستی رادیۆی کوردی کرماشان دەبووم، ئەو کاتە شوکرەڵای بابان لەو رادیۆیە شیعری دەخوێندەوە، زۆر گوێبیستی ئەو شیعرانە دەبووم و ئەمەش پەلکێشی کردم بۆ ناو دنیای شیعر و ئەدەب، هۆگری کردم بەوەی زیاتر گوێ لە شیعر بگرم.**

*** عەشق چ باکگراوندێکی هەبوو لەپشت دەرکەوتنی تۆوە؟**

- راستیەك هەیە ئەگەر بیلێین رەنگە جوانی وشەکان کەم بکاتەوە، لە وڵاتی ئێمە زۆربەی نووسەر و هونەرمەندەکانمان خۆیان سیناریۆ بۆ خۆیان دروست دەکەن بۆ ئەوەی ناسنامەیەك بدەن بە بەرهەمەکانیان، عەشقی بۆ دروست دەکەن، هەمیشە ئەوە دەڵێم ئەو عەشقە راستەقینەیە لە پشت و باکگراوندی کارەکانی مندا نەبوو، تەنها کەسێك بووم عەشقی خوێدنەوەو ئەدەب بووم، ئەو عەشقەی لای منە عەشقی خۆشویستنی شیعر بوو، دەمویست ئەوەی لەناخمدایە بیخەمە سەر کاغەز، هەتاوەکو (70) بەرهەمی شیعریم کرابووە گۆرانی هیچ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیم نەکردبوو، عەشق لای من بە پلەی یەکەم نەبوو، ئەو عەشقەی کەمنیش هەمبوو خودی بەرهەمەکە خۆی بووە و خودی شیعرەکە بووە.


*** تا چەند توانیوتە ئەو ئامانجەی هەتبووە بۆ خزمەتکردنی ئەدەب لە شیعر بیهێنیتە دی؟**

- هەوڵم داوە لەو بوارەدا خزمەتی خۆم بگەیەنم، لە تەمەنی (18) ساڵیدا شیعری تەمەنم نووسی، مامۆستای گەورە کەریم کابان کاری لەسەر ئەو بەرهەمە کردوو کردییە گۆرانی، ئەگەر تەماشا بکەین لەو تەمەنەمدا ئەوەندەی کارم لەسەر بیرۆکەی شیعرێکی فەلسەفی کردووە، ئەوەندە کارم لەسەر شیعرێکی عەشق نەکردووە، راستە شیعریی تەمەن شیعرێکی لیرکی سادەیە، بەڵام هەڵگری خەسڵەتێکی فەلسەفییەو ئەو مەرحەلەیەی کەمن ئەو شیعرەم تیانووسیوە، شایەتی ئەوەیە کە کەسێکی عاشق نەبووم، ناشمەوێت بانگەشە بۆ خۆم بکەم و بە زۆر خۆم بکەم بە عاشقێکی سەرسەختی ئەم دنیایەو خۆم بە فەرهادێك بناسێنم، ئەو زەمەنە هاوڕێکانم نامەی عەشقیان دەنووسی، بەڵام من دەموت (ئەی تەمەنی پڕ ئەسرینم ئەرۆی ئاوڕ نادەیتەوە. لەگەڵ هەموو هەنگاوێکتا لە عومری من دەسڕیتەوە).

*** هەڵبژاردنی تێکستی تەمەن لەلایەن مامۆستا کەریم کابان چۆن بوو؟**

- سەرەتا ئەو شیعرەم لە یەکێك لە گۆڤارەکان بڵاو کردەوە، پاشان ئەو شیعرەم لە نامیلکەی عەشق باراندا بڵاو کردەوە ئەو کات، بە خزمەتی مامۆستا کەریم کابان نەگەیشتبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم. خۆشبەختانە موزیك ژەن زانای مەحمود هەژار ئاوازی بۆ دانابوو تاوەکو مامۆستا کەریم کابان کاری لەسەر بکات، کاتێك بە گۆرانییەکە ئاشنا بووم، وەکو هەموو بیسەرێك گوێبیستی ئەو بەرهەمە بووم. بەڕاستی دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنی شیعرەکە لە قودرەتی مامۆستا کەریم کابان بوو، لەگەورەیی مامۆستا کەریم کاباندایە، دەتوانم بڵێم یەکێکە لە بەرهەمە نەمرەکانی مامۆستا کەریم کابان، هەرچەندە هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کەریم کابان نەمرن و ئەو دەنگێکی رەسەنی کوردییە، نیشانەی دەنگێکی رەسەنی سلێمانیمان پێ دەڵێت بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

*** زیاتر شاعیرەکانی کورد لەم زەمەنەدا کار لەسەر تێکستی سەربەست دەکەن، کارکردنی تۆ لە بواری لیرکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و هۆکاری ئەم شێوازە کارکردنەی تۆ لە بواری**



**شیعری گۆرانی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ویستم ستایلێك بۆخۆم بدۆزمەوە و شیوازێك بێت كە لاسایی كەس نەكەمەوە و كۆپی كەس نەبم، بە داخەوە هەندێك شیعر هەیە بەس قسە رێكخستنەو ناویان ناوە شیعر، ئەم لێشاوەی شیعر وایكردووە كەوا كۆمەڵێك شاعیری دروستكردووە كە هەموویان لەیەكتری دەچن، پێموایە ئەو مەجالەی من كاری تیادا دەكەم، هەستم كردووە لەم بوارەدا بۆشاییەك هەبووە و بە ئامانجی پڕكردنەوەی ئەو بوارە هەوڵم داوە، سەیرم دەكرد لەناو عەرەبەكاندا تێكستی زۆرجوان هەن كەوا بە سەدان ساڵ پێش ئێمە وتراون و شیعرەكانیان نموونەی شیعری غنائیاتن، بەهەمان شێوە بۆ فارسەكانیش. منیش هەمیشە بیرم لەوە دەكردەوە كە بۆ ئێمەی كورد بۆ بەشێوەیەكی جیا لە فۆلكلۆر و بەشێوەیەكی نوێ خزمەتی شیعری گۆرانی كوردی بكەین، هەمیشە ئەم پرسیارەم دەكرد بۆ ئێمەش شیعری جوانمان نەبێت.

*** تۆ تاچەند كەوتویتەتە ژێر كاریگەری شیعری عەرەبی و فارسیەوە؟**

- نەكووتوومەتە ژێر كارێگەری ئەدەبی ئەوانەوە، چونكە زۆر بە زمانێكی كوردی لە بەرهەمەكانمدا دەدوێم، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەدەبی ئەوان گەشەیەكی زیاتری بەمن كردووە و خوێندنەوەیەكی زیاتر و دیدێكی نوێی بە من داوە.

*** تاچەند گەشبینی بەو گەنجانەی ئەمڕۆ كە لە بواری نووسین هەوڵەكانیان چڕ كردۆتەوە، ئەوانە تاچەند ئومێد دەكەیت لە داهاتوودا ببن بە دەنگ؟**

- قسەكردن لەسەر ئەو گەنجە نوێیانە هەروا كارێكی ساناو سادە نییە. تۆ ناتوانیت بە چەند دێرێك خەڵكێك رەفز بكەیت و بە چەند دێرێك خەڵكێك بكەیت بە نموونە، ئەڵبەتە كەسێك و وێنەی جوانی پێیە و رێزمانی تەواو نییە، كەسێكی تر تەكنیكی جوانی هەیە و وێنەی جوانی نییە، كەسێك موسیقا لە شیعرەكانیدا هەیە، كەسێكی تر مۆسیقا لە شیعرەكانیدا نییە، بەداخەوە ئەو گەنجانەی ئێستا ئەوەندەی بایەخ بە وێنەكانیان دەدەن و ئەوەندە بایەخ بە قژ و ستایلی خۆیان دەدەن لە سایتەكاندا، ئەوەندە بایەخ بە ناوەرۆكی شیعرەكانیان نادەن و ناخوێننەوە، تەنیا لەرێگەی سایتەكانەوە نەبێت رەنگە شتێك ببینن دەنا تاقەتی خۆیندنەوەیان نییە.

*** ئەو هونەرمەندانەی كەوا كاریان لەسەر تێكستەكانی تۆ كردووە تاچەند توانیوویانە بەقەدەر هەیمەنەتی شیعرەكە ئەدای گۆرانییەكە بكەن؟**

- دەتوانم هەمیشە شانازی بەو كارە جوانە هونەرییانەوە بكەم كەوا توانراوە حەقی خۆی بدات بە شیعرەكەم، بۆ نموونە هەمیشە شانازی بەو بەرهەمەوە دەكەم كەوا مامۆستا كەریم كابان كاری لەسەر كردووە، هونەرمەندان ناسری رەزاری و مەرزییە فەریقی و لەیلا فەریقی و دیاری قەرەداغی و هانی و بورهان خۆشناو خالید رەشید و كەمال محەمەد و حەمە جەزا كە ئەمانە كۆمەڵێك هونەرمەندی باشن و هەقیان بە بەرهەمەكانم داوە، ببوورن ئەگەر ناوی هەندێك كەسم لە یاد كردبێت و هەندیكێكان خزمەتیان بە شیعری من كردووە، بەڵام هەندێ گۆرانی بێژی تر هەبوون هەم شیعرەكەیان باش ئەدا نەكردووە هەم ئاوازەكەی باش نەبووە، دواتریش بەكلیپێكی ناشرین ئەوەندەی تر شیعرەكەیان كوشتووە.

*** هونەرمەندان زۆرجار هاوكاری كراون بۆ كارە هونەرییەكانیان، لەكاتێكدا ئێوەی شاعیر كارئەكتەرێكی سەرەكی دروستبوونی هەر بەرهەمێكی هونەریـن، ئەی ئێوە لەو هاوكارییەی بۆ هونەرمەندان خەرجكراوە، بەشتان هەبووە؟**

- نەخێر هیچ بەشێكم نەبووە، بەناوی شیعرەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری و حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵام شاعیریش هەبووە بەناوی كلیپ و خوێندنەوەی شیعرەوە سێ چوار دەفتەری بۆسەرفكراوە، لەكاتێكدا كۆمەڵێك شاعیری زۆر باش هەن كە تاوەكو ئیستا یەك لاپەڕەیان نەخراوەتە بەر دەست تا شیعرێكی تێدا بنووسن، هیوادارم لە باسی پارەدا من نەبم بە موحاسبێك بۆئەوەی دەمی پارە وەگرەكان لە من نەكرێتەوە. ئەو وەڵامە لای وەزارەتی رۆشنبیرییە نەك من.